دکتور سالح ئیبراهیمی



# سوورەی فەجر

**سوورەی فەجر: سپێدەی بەیان لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣٠ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سوێند بە سپێدە(ی بەربەیان یا سپێدەی ڕۆژی جێژی قوربان) ﴿١﴾ (سوێند) بە دە شەو (دە شەوی مانگی قوربان) ﴿٢﴾ (سوێند) بە تاق و جووت (مەبەست ژمارە و نەزم و حیسابە یا نوێژی تاق و جووتە) ﴿٣﴾ (سوێند) بە شەو کە بەرەو ڕۆژ بوونەوە ئەڕوا ﴿٤﴾ ئایا لەمانەدا (کە وترا) سوێندی گرینگ بۆ ژیران هەیە ﴿٥﴾ ئایا نەتدی (نەتزانی) کە پەروەرێنەرت چی بە هۆزی عاد کرد؟ ﴿٦﴾ لەگەڵ (هۆزی) ئیرەم (ئیرەم باپیرەی عادە) کە بالابەرز و خاوەنی کۆشکی ستووندار بوون ﴿٧﴾ ئەوەی وا کە وێنەی ئەو لە هیچ شارێکدا ساز نەدرابوو ﴿٨﴾ سەموود (هۆزی سالح) لە نێو گەڵ و دۆڵەکاندا لە تاشەبەردەکان، خانووی تەشوێ‌تاشیان ساز ئەدا ﴿٩﴾ فیرعەون کە بەهێز و ئازاردەر بوو (و خێوی کۆشکانی گەورە و بلیند) ﴿١٠﴾ ئەوان کە لە شار و وڵاتاندا یاغی ببوون ﴿١١﴾ خراپە هەبوو ئەوان فرەتریشیان کرد ﴿١٢﴾ جا پەروەرێنەرت قەمچی ئازاردانی کوتا بە تۆقی سەریاندا ﴿١٣﴾ (چونکە) پەروەرێنەرت لە کەمیندایە ﴿١٤﴾ بەڵام کاتێ خوا بۆ تاقی کردنەوە ڕێز لە مرۆڤ بگرێ و نیعمەتی بداتێ، (غەڕڕە ئەبێ و) دەڵێ: پەروەرێنەرم ڕێزی لێ‌گرتووم ﴿١٥﴾ بەڵام کاتێ کە بۆ تاقی کردنەوە، ڕسق و ڕۆزی لێ‌کەم بکاتەوە، دەڵێ: پەروەرێنەرم سووکایەتی بەسەر هێناوم ﴿١٦﴾ وەها نییە کە ئێوە بیری لێ‌دەکەنەوە، بەڵکوو ئێوە ڕێز بۆ هەتیو دانانێن ﴿١٧﴾ یەکتر بۆ خۆراکدان بە مسکێن دنە نادەن ﴿١٨﴾ میرات (بە شەرعی و ناشەرعی) کۆ دەکەنەوەو دەیخۆن (لَمّ: کۆ کردنەوە) ﴿١٩﴾ ماڵ و سامانتان زۆر خۆش‌دەوێ ﴿٢٠﴾ وەها نییە کە بیرتان لێ‌دەکردەوە، کاتێ زەوی لەت بێ و بە سەختی تێک شکێنرێ ﴿٢١﴾ فەرمانی پەروەرێنەرت بێ و فریشتەکانیش پۆل بە پۆل ڕیز ببەستن ﴿٢٢﴾ لەو ڕۆژەدا دۆژەهـ ئامادە بێ، (بەڵێ) لەو ڕۆژەدا مرۆڤ خۆی وەبیر دێتەوە بەڵام ئەم وەبیر هاتنەوە کوا و لە کوێ سوودی بۆی دەبێ؟ ﴿٢٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دەڵێ: خۆزیا بۆ ژیانم لە پێشدا شتێکم بناردبایێ ﴿۲۴﴾ جا لەو ڕۆژەدا هیچ ئازاردەرێ وەکوو ئازاری ئەو جەزرەبە و عەزابی نادا ﴿۲۵﴾ هیچ کەس وەکوو خوا ئەو ناخاتە کۆت و بەندەوە ﴿۲۶﴾ ئەی گیانی ئاراوقارا گرتوو و لە خەم ڕەخسیوا! ﴿۲۷﴾ بۆ لای پەروەرێنەرت بگەڕێوە کە هەم تۆ لەو ڕازی و هەم ئەو لە تۆ ڕازییە ﴿۲۸﴾ جا وەرە نێو جەرگەی بەندەکانم ﴿۲۹﴾ بچۆ نێو بەهەشتم ﴿۳۰﴾

## سوورەی بەلەد

**سوورەی بەلەد (شار) لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۲۰ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بەم باژێرە (پاکەی مەککە) ﴿۱﴾ شارێ کە تۆ لەوێدای ﴿۲﴾ سوێند بە باوک و زارۆکێ کە دێتە دی (مەبەست ئیبراهیم و ئیسماعیلە کە پێغەمبەریش لەوانە) ﴿۳﴾ مرۆڤمان لە ڕەنجدا ئافراند و خوڵقاند ﴿۴﴾ ئایا وا دەزانێ کە هیچ کەس دەرۆسی نایێ و دەسی بەسەر ئەوا ناڕوا؟ ﴿۵﴾ دەڵێ: ماڵێکی زۆرم (بۆ ڕابواردن) لە دەس داوە ﴿۶﴾ ئایا لای وایە کەس ئەوی نەدیوە (و نایشیبینێ)؟ ﴿۷﴾ ئایا دوو چاومان بۆی ساز نەداوە؟ ﴿۸﴾ زمانێکیش و جووتێ لێو؟ ﴿۹﴾ ڕێگای هات (چاکە) و نەهات (خراپە)مان نیشاندا ﴿۱۰﴾ جا ئەو (سپڵە) بوو لەو ملە (عەقەبە) سەرنەکەوت؟ ﴿۱۱﴾ تۆ چوزانی ئەو ملە (سەختە سینەکێشە) چییە؟ ﴿۱۲﴾ ئازاد کردنی کۆیلەیە ﴿۱۳﴾ یا خۆراکدانە لە ڕۆژی قاتوقڕیدا ﴿۱۴﴾ بەتایبەت بە هەتیوێ کە خزم بێ ﴿۱۵﴾ یا مسکێنێ، خاکەسەر ﴿۱۶﴾ تا پاشان لەوانە بووبێ کە بڕوایان هێناوە و یەکتریان بۆ تابشتهێنان و خۆڕاگرتن و بەزەیی و زەحمەت ڕاسپاردبێ ﴿۱۷﴾ ئەوانە بەختەوەرن (و نامەی کردەوەیان ئەدرێتە دەسی ڕاستیان) ﴿۱۸﴾ ئەوانەی کە کافر بوون و نیشانەکانی ئێمەیان داوەتە دواوە، تۆخ و شوومن و (نامەی کردەوەیان ئەدرێتە دەستی چەپیان) ﴿۱۹﴾ چارەنووسیان ئاگرێکی بێدەرەتانە ﴿۲۰﴾